Sherko Mahmood

(طهر) و، جۆرەكانی و، جیاوازیەكانی:-

لەوە دەچێ هەندێك خوشك و برا تووشی جۆرێك لە سەرسوڕمان بووبن ،بەو پۆستەی دوێنێمان، كە سەبارەت بە بەرۆژوو بوونی ژن ،لە سووری مانگانەدا بڵاومان كردەوە ..ئەویش بەهۆی ئەوەی ،لە توراسی ئیسلامیدا ئەو خوێنە بە پیس لەقەلەم دراوە..ئێمەش لێرە دەیسەلمێنین كە مەفهومی ئەو خەڵكە بۆ پاكی(طهارة)هەڵەیە.

أ- (الطهارة المعنوية)،ئەوەیان پەیوەستە بە هەموو مەفهوومەكانی سلوك و ئەخلاق.هاودژەكەشی(نجاسة)ە.

ب- (الطهارة المادية)،ئەوەشیان پەیوەستە بە جەستە و جلوبەرگ ، هاودژەكەشی(الخبث)ە

وەك نموونەش ئەو ئایەتانەی خوارەوە دێنینەوەو، دەیانكەینە هۆكار بۆ تێگەیشتن لە (طهارة).

قال تعالى: [ وثيابك فطهر ] المدثر 4

قال تعالى: [ وإن كنتم جنباً فاطهروا ] المائدة 6

قال تعالى: [ لَا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ ] الواقعة 79

قال تعالى: [ فإذا تطهرن فأتوهن من حيث أمركم الله ] البقرة 222

هەر پەیوەست بە بابەتی رابردوومان سەبارەت بە(سووڕی مانگانە رێگر نیە لە رۆژووی ئافرەت)

بۆی هەیە خەڵكێك تووشی بەد حاڵی بوون ببێت ، سەبارەت بە(طهر)،واتا پاكی.ئەو بابەتە دوور و درێژە گەر بێین شەنوكەوی هەموو لایەكی بكەین.بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها جۆر و واتاكانی روون دەكەینەوە. بە پێی ئایاتی كیتابی خودا-:

1- وثيابك فطهر :- دیارە لێرەدا خودا ئەمر دەكات و، دەفەرمووێ: جلەكانت پاك بكەوە.واتا خۆت پاكی بكەوە و، خۆت ببە بە هۆكاری پاك بوونەوەی .وەك دیارە هۆكاری پیس بوونیشی ،هەر خۆمانین. واتا هۆكاری پیس بوونەكەی، ئیرادە و توانای خۆمانە.

2- وإن كنتم جنباً فاطهروا :-كاتێك بە هۆكاری جیماع تووشی غوسل كردن بوون،خۆتان پاك بكەنەوە.واتا خۆت ببە بە هۆكاری پاكبوونەوەی خۆت . چونكە ئەوە خۆتی بوویتە هۆكاری ئەو لەش پیسییە و،لە ئیرادە و توانای خۆت بووە.

3- لَا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ :-خودا دەفەرمووێ: ئەو كیتابەی وا لە_لوح المحفوظ_دایە،جگە لە پاككراوەكان(ئاگادار بن و بەوردی،خودا دەفەرمووێ پاككراوەكان)واتا ئەوان خۆیان پاك نەكردۆتەوە،بەڵكو لە دەرەوەی ئیرادەی خۆیان پاك كراونەتەوە.چونكە خودا نەیفەرمووە((المُطَهِّرون)بەڵكو فەرموویەتی(الْمُطَهَّرُونَ). جیاوازی یەك جوولەی زمانەوانی لە(الفتحة)وە بۆ(الكسرة)، ماناكە دەگۆڕێ.ئەوان لە دەرەوەی ئیرادە و توانای خۆیان پاككراونەتەوە.خوداش باسی پیس بوونیان یان هۆكاری پیس بوونیان ناكات.

4- فإذا تطهرن فأتوهن من حيث أمركم الله :- دیارە خودا لێرەشدا كە حالەتی حەیضە دەفەرمووێ:_كەی پاك بوونەوە_ وەك مەسەلەی جەنابەت،نەیفەرمووە كەی خۆیان پاك كردەوە یان با خۆیان پاك بكەنەوە. چونكە دروست بوونی حالەتی(حيض)،لە دەرەوەی توانا و ویستی خۆیانە. كەواتا پاك بوونەوەشی هەر لە دەرەوەی توانای خۆیانە . كاتێكیش پاك بوونەوە ، خودا دەفەرمووێ ئاساییە لەگەڵیان جووت ببن.دیارە دروست بوونی حاڵەتی حەیز و،(طهارة)ی حەیز، تەنها رێگرە لە جووت بوون((فإذا تطهرن فأتوهن من حيث أمركم الله))و، رووداوێكی زۆریش ئاساییە لە ژنان و ،لە دەرەوەی ویستی خۆیاندا روو دەدا و، پاك دەبنەوە ،بێ ویست و ئیرادەی خۆیان . بەڵام حاڵەتی(الإستحاضة)كە ناوێكی تر و ، رووداوێكی تری حەیزی ژنانە، ئەویان دەكەوێتە خانەی نەخۆشی و، دەبێ ژن وەك نەخۆشێك بەرۆژوو نەبێت و، سەردانی پزیشكیش بكات.

ئێستا گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی _ئەوەی لە دامێنی هەر مرۆڤێك بێتە دەر، دەسنوێژ دەشكێنێ . بەڵام رۆژوو ناشكێنێ.

مایەوە حالەتی جیماع ،كە ئایەتی صەریحی لەسەرە. رۆژووش دەشكێنێ و ، دەسنوێژیش دەشكێنێ و ، غوسلیش واجب دەكات .

مایەوە بڵێین: خودا بۆ دوای پاك بوونەوەی حەیز ، نەیفەرمووە -فاطهروا- واتا خۆتان پاك بكەنەوە، چونكە وەك گوتمان حالەتەكە لە دەرەوەی ئیرادە و، توانای ژنەو، رووداوێكی سروشتییە.بەڵكو فەرموویەتی- حتى يطهرن- واتا تا پاك دەبنەوە،ئینجا جووت بوون ئاساییە.كەواتا لە (نواقض الصيام)نیە.

بە پێچەوانەی ئەوە:- لە حاڵەتی جەنابەت و ، بەتاڵ كردنەوەی پاشەڕۆ و ،غازاتی دامێنی هەر كەسێك ، مرۆڤ چونكە هۆكار خۆیەتی ،هەر خۆیشی دەبێ خۆی پاك بكاتەوە.

هیوادارم توانیبێتم جۆرەكانی(طهارة)و، چۆنیەتی تەعامول لەگەڵیاندا، روون كردبێتەوە.

ئەوەی ماوە بڵێم:-تكایە هەركەسێ دەیەوێ بابەتی(رۆژوو لە كاتی سووڕی مانگانە)باش تێبگات،با لە پۆستی یەكەم و، ئینجا ئەو، دەست بە خوێندنەوەی ئەو پۆستە بكات . چونكە هەردووكیان بە یەكەوە گرێ دراون.

(((يَا قَوْمِ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى الَّذِي فَطَرَنِي أَفَلَا تَعْقِلُونَ)))هود 51.